# ***کتێبی تاریکی ***

به رهه می نوێی هیوا مه سیح*

نووسه ر : ئیسماعیل پۆردشاهیان

وه رگێڕ : ڕێناس جاف

تاریکی چییه؟ له کوێوه هاتووه؟ ئایا ئه وه ی بوونی نییه ، تاریکییه، یان ده سپێک و کۆتایی هه موو شتێ به تاریکییه؟
له " ریگ ویدا" له " وێدا" کانی کۆنی هیند که ده چێته ڕیزی هۆنراوه کانی سه رده مانی سه ره تایی و زۆر کۆنی ژیانی مرۆڤ ، له کۆپله ی ئافراندا، چێ بوون و پێک هاتنی "بوون" و ڕزگاربوونی له ده س نه بوون ، له ناخی تاریکی دا ده زانێ.

له ئه زه لدا تاریکی هه ر به تاریکی ته نرا بوو
هه موو شتێ ئاو بوو و بێ ناونیشان
ئه و گیانله به ره ی ده هات
بۆشایی داپۆشیبوو
ئه و تاقه گیانله به ره
به گڕی ژین
ئاورێ که وته گیانیه وه
مه یلی ئافران ، له و " تاریکی" یه دا وه ده ر که وت
و
هه مان ویست
یه که م کاکڵی ئاوه ز بوو.

به گوێره ی بیر و بۆچوونی ئایینه کانی زه روانی و زه رده شتی و مانه وی ، تاریکی سه رچاوه و چاوگه یه بۆ

ده ركه وتنى ڕووناكى و مه رگ . يانێ ڕووناكى زاده ى
ناخى تاريكييه و هه ركه ڕووناكى نه ما ، ديسان تاريكى
وه ده ر ده كه وێ .
به و جۆره چاوگه ى هه موو شتێ ، وا له ناخى تاريكيا.
له جيهانى بوونيش دا هه ر وايه ، له ناخى هه موو كادز و
ئه ستێره يێك دا ، ڕه شه چالێك هه يه ، هه موو شتێ
به ره و خۆ ڕائه كێشێ و هه لێئه لووشێ و نوقمى نێو
تاريكى ڕه هاى ده كات .
ئێمه له سات و كاتى ته نيايى دا زۆر له تاريكى نێزيك
ده بينه وه و دياره له تاريكيا ، چاكتر له ناخى خۆ ده گه ين.
ڕۆچوون به ناخى تاريكيا ، گه يشتن به حه قيقه تى
خودى مرۆڤه ، هه تا خودى ڕه ها چێ بێ و ئه مه كتێبى
تاريكييه هه موو كه سێ ده بێ بينووسێته وه .
"نامه كانى شاعيرێك بۆ فه يله سووفێكى نه ناس " كتێبى
تاريكييه " هيوا مه سيح" له گه يشتن و ئه زموون و
ژيانى خۆى له ناخى تاريكيا ئه دوێ وله و كه شه تايبه ته دا
نووسراوه، ده كرێ بێژين باشترين به رهه مى هيوا مه سيحه.
ئه م كتێبه داگرى 197 ڕووپه ڕانه و پێك دێ له 8 پار و
سيانزه نامان و له لايه ن په خشكارى "قه سيده سه را" وه
له چاپ دراوه .
له بارى فۆرم و دارشتى ده قه وه ، ئه م به رهه مه خاوه نى
تايبه ته مه ندى خۆيه تى . له هه مان حالدا كه ده قى
كتێبه كه ، سه ربرده و سه رگورشته ى ژيان و بير و بۆچوونى
گێل گه وج و نه زانێكه به لام ڕوانگه و بير و هزرى
هيوا مه سيح ، خۆى تيا ئه نوێنێ . هه لبه ت له چوارچێوه ى
ده قێكى شێعرى دا .

وه کی وتم  کتێبه که به سه رهاتی نه زانێکه که زانای
سه رده می  ئێمه یه .
هیوا مه سیح  به دانانی که سایێتی نه زانێ له هه مبه ر
زانا و فه یله سووفێک دا و ڕاڤه و شرۆڤه ی بیر و هزری
خۆ ، به له ونێ بیر و ئه ندێشه و بۆچوونه کان سه باره ت
به م که ون و زه مه نه ی ئێمه به زوانێکی شاعیرانه ،
وه به ر ڕه خنه ده دا و فه یله سووف و پیتۆڵه کانی
کپ و بێده نگ و نوقمی نێو دونیای خۆ له م سه رده مه ی
ئێمه دا به گاڵته  ده گرێ و وه به ر گه پجارپیان ده دا.
بۆیه ده کرێ بڵێین کتێبه که ی ، کتێبی تاریکییه .
" ناباکۆف" له کتێبه که یدا " پێکه نین له تاریکیا" باسی شوێنێ
ده کا وه ک سینه ما که مرۆڤ بۆ دیتن و بینینی ڕووناکی و
دۆزینه وه ی خۆ ، ڕووی تێ ده کا.
هیوا مه سیح به پێچه وانه وه  له کتێبی تاریکیا هه موان
بۆ دیتن و بینینی تاریکی بانگ ئه کا ، له به شی دووه می
کتێبه که یدا، زارۆکێ که به سه ر سنووقه پرته قاڵێکه وه
دانیشتووه، کتێبێکی ده داتێ که له ڕاستی دا لایه ن و
ڕه هه ندێکی دی بوونیه تی ، چه شنه  وه دواخستنێ
له زه مه ن و ژینگه و گه ڕانه وه ناخی خۆ، که هیوا مه سیح
سه رکه وتووانه مامه ڵه ی له گه ڵ کردووه .
ئاماژه ده کاته زۆر خاڵی ناسک و هه روه ها ئه ندێشه و
بیر و هزری خۆ و به ناخی  خۆدا ڕۆ ده چێ .
به ڵام هه ر له و پرۆسه دا ڕوون نییه له به رچی هه ندێ
جار به ئه نقه ست یان به هه ڵه ، ئه که وێته باس له سه ر
چه ن بابه تێکی که سێتی و  جڤاکی زۆر ئاسایی ، هه روه ها
ڕه خنه له برێک بابه ت ده گرێ که ئه وه نده  پێوه ندییان

به کاکڵ و ناوه ڕۆکی سه ربرده ی نێو کتێبه که وه نییه ،
جگه له وه ی نه بێ دژ به یه کبوون چێ ده کات که
به لای منه وه ئه م چه شنه باس و بابه ت و نووسینه
لاوه کی و په راوێزییانه ، زیان به خودی ده قی کتێبه که
ده گه یینێ ، هه تا به وێ نووسین و ده قی کتێبه که
بۆ ئاستی نووسینێکی ڕه خنه گرانه ی ئاسایی ، داده به زێنێ.
هه ڵبه ت نابێ ئه م خاڵه ش له بیر بکرێ که ڕۆحی زاڵ
به سه ر که شی نێو کتێبه که دا ، ڕوانگه و بۆچوونێکی
ژوورناڵیستییه و ئه مه ش دیاره گه وره ترین که م و کوڕی
و نوقستان بۆ هیوا مه سیحه که له زۆربه ی به رهه مه کانیا
ده بینرێ .
هیوا مه سیح له کتێبی تاریکی دا باس له خۆ ده کا ، به ناخی
ڕووداوه کانی نێو کۆمه ڵگه که یدا ڕۆ ئه چێ ، هه ر له
هه ژارییه وه بگره هه تا چه واشه بوونی خه ڵک له ده س
درۆی زاڵ به سه ر ژیانا .
کتێبی تاریکی باس له سه ر فه لسه فه ی جڤاکی ده کات
به لاٌم به رهه مێکی فه لسه فی نییه .
ته نێ بیر و هزر و ڕوانگه و بۆچوونی شاعیرێکه که له
چوار چێوه ی ده قێکی شێعری دا هه ندێ جار
ئاهه نگینه که چی نه ک به داڕشتێکی ڕوون و چه مکێکی
هاو سه نگه وه .
ئه رچی گه وره ترین ئیمتیاز و ده سکه وت و بگره
سه رکه وتنی کتێبه که هه ر له هه مان شێوه ی
په خشان ئاسای دایه .
هیوا مه سیح له به شی یه که می کتێبه که یدا ، وێڕای باس
له مه به ستی خۆ ، به شێوه یێکی ڕۆمانتیک له دۆزرانه وه ی

تێنووس یان ده فته رچه یێکی سه ر به فر و منالێکی
دانیشتوو به سه ر سنووقه پرته قالێکه وه  که ئه گه ڕێته وه
بۆ سالی 2000 هه تاوی (2023 )زایینی ،  ئه دویَ .
منالێک  که کتێبه که ی پیَ ئه دا ، داوای لیَ ئه کا نه
بیخوێنێته وه و نه ش لێی بنووسیَ( ئه ی ئازادی گه وره
نه نووسین ) .
بینینی منالْ به و شێوه و ته شکه و به شوناسێکی
فه نتازیایی و نائاسایی ، سۆپه ر ئێگۆی هیوا و حه سره تی
منالی خۆیه تی ، به هه لگرتنی ڕۆلْ و ده ور و چه ن
بۆچوونێک له سه ر بابه ته کانی کۆمه لگه که ی مه  وه ک
ته نیایی و په یا بوونی شاران و له ئاکامدا ئه م گه ردوونه و
ژیانی  ئاده مزاد ، بۆیه هیوا مه سیح له باسه که یدا
له نێو ئه و هه موو بابه ت و باس و خواسه دا ، له دووی
ئه و حه قیقه ته ڕوونه یه که له ناخی تاریکیا پێی بگات .
له شێعری شاراوه ی نێو ووشه و په یڤان ، مۆسیقا و
ئاهه نگی ئه و ووشانه ی له ژووری شاعیره وه
به ر گویَ ده که ون هه تا له ئازادی بدویَ ، له و
نه نووسینه مه زنه ی له و شارانه ی که گۆڕستانی ئێمه ن،
گۆڕستانی په یڤان ، ڕه نگه سالی 2000 هه تاوی، نه زان و
فه یله سووف هه ر دووک بمرن و نه مێنێنن و جیهان و
کتێبی تاریکی مانایێکی دی ببه خشیَ .
کتێبی تاریکی هیوا مه سیح ده بیَ چه ن جاران ژیرانه و
به وردی بخوێنیه وه . کتێبێکه له زۆر قسه ی نه گوتراو
به زوان و شێوه یێکی دی ده دویَ. به شێوه یێکی وا نویَ
که له ئه ده بی ئێمه دا( مه به ست ئه ده بی فارسییه)
وێنه ی نابینریَ . سه رکه وتنی یار بێت.

ژێده ر : گۆڤاری مانگانه ی ئه ده بی – هونه ری گوڵستانه ، ژماره ی 62 ،ڕه شه مه ی 1383 هه تاوی

- چه ن په یڤێ له وه رگێڕ :

هیوا مه سیح یه ک له شاعیرانی پێشه نگی ئه ده بی هاوچه رخی فارسییه که جێ په نجه ی به سه ر وێژه ی فارسییه وه ته واو خۆیایه .

هیوا به بڕوای زۆر که سان ، خاوه نی زوانێکی تایبه تی شێعرییه و تنها بۆ خۆ دووی ڕێچکه یێکی نوێی ئه ده بی که وتووه .

هیوا مه سیح ده نگێکی هه ره ئاشنای نێو ئه ده بی ئه م سه رده مه ی ئێرانه .

هیوا زاده ی کورده وارییه و له داوێنی دایکێ کوردا په روه رده بووه به ڵام مه خابن بنده ست بوونی کورد له ده ڤه ره که ی خۆراسانا ئه و ده رفه ته ی لێ سه ندووه(وه رگرتووه) ، زمانی دایکزادی پێش بخات و له ڕێی زوانی زگماکییه وه ، هاواری شێعری خۆی ده ربڕێ .

به ڵام ئه و دوور که وتنه ش له زمانی دایکزاد قه ت له بیری ئه ده بی پێشڕه وی کوردی نه کردووه و له چه ندین دانیشتن دا له گه ڵ کاکه هیوا، لام ده رکه وت چه نده تینوو به خوێندنه وه و ڕۆچوون به ناخی ئه ده بی کوردی دایه . له دووره وه و له ڕێی وه رگێڕانیشه وه ئاشنا به ڕه وتی گه شه ی ئه ده بی هاوچه رخی کوردییه و شاره زا به زۆر ناوی ئاشنای ئه ده بی کوردیشه و دایمه هه ستێ

پاڵی پێوه ده نێ زێتر له ئه ده بی کوردی ورد بێته وه .
هیوا یه ک له ناسراوترین شاعیرانی ئه م سه رده مه ی
شێعری نوێ و پۆست مۆدێرنی ئێران، ساڵی 1344
هه تاوی (1966 زایینی) له باژێری کوردنشینی
شیروانی خۆراسانا ، له دایک بووه .
هیوا ئه رچی شێعر له ناخی گیانیایه به ڵام له دونیای
ڕۆژنامه گه ری ، سینه ما و شانۆش دا ده ورێ
چالاک ده گێڕێ . هه ر وه ها گه لێ هۆگر به
وێنه کێشی ، وێنه گری و په یکه ره تاشیشه .
هه ندێ له به رهه مه کانی بریتینه له :
کۆمه ڵه شێعری : یه کێ له ژێر چه تر و بێده نگی دونیادا
ئه یوت : هێشتا نازانم تا که ی ، من کوڕی هه موو
دایکانی سه رزه ویم ، ئه مشه و هه ندێ شتم بیر دێته وه،
ئه و شوانه ی ئاوی ئه کرد به ملی ده ستی خوادا و
گه لێ به رهه می دی .
بۆ وتن ده شێ هیوا هه تا به ئێستا 12 به رهه می
شێعری و به رهه مێکی له سه ر ڕه خنه ی ئه ده بی
بڵاو کردۆته وه .
له گه ڵی گۆڤاری ئه ده بیش دا ده ورێ سه ره کی
ده بینێ .

Renas caf@yahoo.com